# ئەحمەد شەرع لە بەغدا: پێشوازیی سوننەکان و مشتومڕی شیعەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێك**

لە ساڵی 2011 ئەحمەد شەرع وەك زیندانییەکی ئازادکراوی ڕێکخراوی قاعیدە، بۆ درێژەدان بە چالاکی لە وڵاتی خۆی، کە تازە بەر شەپۆلی خۆپیشاندانەکانی "بەهاری عەرەبی" کەوتبوو، عێراقی بەرەو سووریا جێ هێشت، بەڵام بڕیارە مایۆی 2025 وەك سەرۆککۆماری ڕاگوزەری سووریای دراوسێ، بێتەوە بۆ بەشداریکردن لە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا؛ ئەمەیش شەقامی سیاسیی عێراقی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کردووە: بەرەیەك لەگەڵ مامەڵەکردنی ئەرێنین لەگەڵ پێشهاتی نوێ و پێشوازیکردن لە شەرع، بەرەیەکی دژبەریش هەوڵی ڕێگری دەدەن. ئەمەیش بەغدای خستووەتە بەردەم تاقیکردنەوەیەك کە ئایا دەتوانێت وەك دەوڵەت مامەڵە بکات، یان سیاسەتی گرووپە شیعەکان بەسەریدا زاڵ دەبێت و ناچار دەبێت ملکەچی خواستەکەیان بێت.

ئەم شرۆڤەیە لەسەر لووتکەی عەرەبیی بەغدا و ڕەهەندەکانی بەشداریکردنی ئەحمە شەرع لە لووتکەکەدا و لێکەوتەکانی ئەم پێشهاتە هەڵوێستە دەکات.

**لووتکەی عەرەبی لە بەغدا**

بڕیارە ڕۆژی 17ی ئایاری 2025 لووتکەی سەرانی وڵاتانی عەرەبی (خولی 34) لە بەغدای پایتەختی عێراق گرێ بدرێت. ئەم لووتکەیە دووەمین لووتکەیە لە پاش لووتکەی بەحرێن (مایۆی 2024) لە سایەی جەنگی غەززەدا بەڕێوە بچێت. بە دوای سێ لووتکەی دیکەی هاوشێوەیشدا دێت: لووتکەی عەرەبی _ ئیسلامیی ناکاوی ڕیاز (نۆڤەمبەری 2023) و لووتکەی بەدواداچوونی ڕیاز (نۆڤەمبەری 2024)، لووتکەی ناکاوی قاهیرە (ئازاری 2025). وەزارەتی دەرەوەی عێراق، کە سەرپەرشتیی ئامادەکارییە لۆجستی و پرۆتۆکۆڵییەکانی ئەم لووتکەیە دەکات، پێی وایە سەرکەوتنی لووتکەی عەرەبیی بەغدا وێنەیەکی ئەرێنی دەربارەی عێراق پیشانی دنیای دەرەوە دەدات، هەروەها کاروانی کاری هاوبەشی عەرەبی بەهێزتر دەکات[1]. لەسەر ئاستی عێراقیش ئەم لووتکەیە دووەمینە لە عێراقی نوێی پاش سەددام حسێن؛ یەکەمیان لە 2012 لە ویلایەتی دووەمی مالیکی گرێ درا، دووەمیش دەکەوێتە سەردەمی ویلایەتی سوودانی؛ لەسەر داوای سەرۆکوەزیرانی عێراقیش دێتە عێراق. بەوەیش بانگەشەی بۆ دەکات "بەغدا دەیەوێت ببێتە مینبەرێك بۆ بەهێزکردنی هاریکاریی عەرەبی و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکان"[2].

لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق، دەشێت لووتکەی عەرەبی لە بەغدا خزمەت بە پرۆژەی هەڵبژاردن و سەرکردایەتیی "محەمەد شیاع سوودانی" بکات، بەو پێیەی لە سایەی سەرکردایەتیی ئەودا ئەنجام دەدرێت. هەروەها ئەو کۆبوونەوە دیپلۆماسییە کە چاوی میدیاییی زۆری لەسەرە، دەرفەتە بۆ دەرکەوتنی سوودانی

وەك سەركردەیەكی سیاسیی دەوڵەتمەتدار و هاوئاستی سەرۆك و پاشا عەرەبییەكان، لە كاتێكدا ناوبراو بەو پێیەی لە سیاسییەكانی ناوخۆی عێراق بووە، لە تاراوگە نەژیاوە و پەیوەندییەكانی فراوان نین.

لووتكەی عەرەبی لە كاتێكدا دێتەوە بەغدا، كە عێراق لە ساڵی هەڵبژاردندایە. بەپێی ئەو ئامادەكارییانەیشی تا ئێستا هەن، لیستە شیعەكانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" بەپەرتەوازەیی و فرەلیستی دەچنە نێو پرۆسەكە. دوو لە جەمسەرە سەرەكییەكانی ئەو ململانێ سیاسییە سەختەیش لەنێو دەنگدەری شیعەدا، نووری مالیكی، سەرۆكوەزیرانی پێشووتر و سەرۆكوەزیرانی ئێستا، محەمەد شیاع سوودانی دەبن. سوودانی وەك گرەوێكی سیاسی تەماشای لووتكەكە دەكات. لە ئەزموونی زیاتر لە 33 لووتكەی پێشوودا ئەم بۆنەیە زیاتر پرۆتۆكۆڵی و بێ كاریگەریی ئەوتۆ بووە و زیاتر بۆ ناردنی پەیامی كاری پێكەوەییە، بەڵام سوودانی زیاتر لە قەبارەی خۆی مانای پێ دەدات. لەم نێوەندەدا لە دیمانەیەكی تەلەڤزیۆنیدا، باسی لەوە كرد كە "عێراق تەنیا وڵاتێكی خانەخوێی لووتكەكە نییە، بەڵكوو دەستپێشخەرە و چارەسەری جیاواز بۆ قەیرانەكانی ناوچەكە پێشكەش دەكات"[3]. لە سەرپەرشتیكردنی ئامادەكارییە ئەمنییەكانیشدا سوودانی جەختی لەوە كردووەتەوە: سەركەوتنی گرێدانی لووتكەی عەرەبی لە بەغدا، "سەركەوتنێكی سیاسی و ئەمنییە"[4].

لەسەر ئاستە فەرمییەكە و لە دەرەوەی ململانێ سیاسییە نێوخۆییەكان، حكوومەتی عێراق دەیەوێت لە ڕێگەی میوانداریكردنی لووتكەكەوە جەخت لە ڕۆڵی خۆی وەك دامەزرێنەرێكی "كۆمكاری عەرەبی" بكاتەوە؛ لەسەر ئەمەیش زۆر لە هێزە شیعە سیاسییەكان هاوڕان، سەرباری ناكۆكییەكانیان لەبارەی وردەكارییەكان[5]. جگە لەوەیش حكوومەت و هێزە شیعەكان دەیانەوێت وای پیشان بدەن، گرێدانی لووتكەی عەرەبی لە بەغدا، بەتەنیا پیشاندانی توانای ڕێكخستن نییە، بەڵكوو ئاماژەیە لەسەر گەیشتنی عێراق بە ئاستێكی باڵای ئاسایش و ئۆقرەیی و گێڕانەوەی پێگەكەی لە چوارچێوەی سیستەمی عەرەبیدا. ئەمەیش بۆ هەندێك هێز كە بێزارن لە هەژموونی زۆری ئێرانی لە شیعە پراگماتیستەكان و سوننەكان، گرنگی و بایەخی زیاتری هەیە، چونكە هەڵگری ئەو پەیامەیە كە عێراق جێگرەوە و بەدیلی دیكەی هەیە.

**بانگهێشتكردنی ئەحمەد شەرع**

مشتومڕی گەورەی بەر لە گرێدانی كۆنگرەی 17ی ئایار دەربارەی ئامادەبوون و دوورخستنەوەی ئەحمەد شەرعە لە بەشداریكردنی لووتكەكەی بەغدا. ناوبراو بۆ ماوەی هەشت ساڵ (2003_2011) لە عێراقدا لە ڕیزی قاعیدەدا بووە، لە گرتووخانەكانی ئەمریكادا لە عێراق دەستگیر كراوە، پاش گەڕانەوەیشی بۆ سووریا بە "ئەبو محەمەدی جۆلانی" ناسراوە و بەیعەتی بە "ئەیمەن زەواهیری" داوە، لە سووریاش سەرۆكایەتیی "بەرەی نوسرە"ی كردووە، دواتر دەستەی "تەحریر شام"ی دامەزراندووە. سەرجەم ئەم كارنامەیەیش بە لای شیعەكانەوە دوژمنكاری و تاوانە چونكە "سەلەفیزمی جیهادی"، دژی جۆری (نەوعییەت)ی شیعەكانن. لە هەوڵێكدا بۆ كۆتاییهێنان بە مشتومڕی ئامادەبوونی شەرع، سوودانی لە ڕێگەی میدیایەكی ئەمریكییەوە جەختی كردەوە كە ئەحمەد شەرعی سەرۆكی قۆناغی ڕاگوزەری سووریا، بۆ بەشداریكردن لە لووتكەی عەرەبیی بەغدا بانگهێشت كراوە. لە دیدارەكەدا سوودانی بەوە پاساوی هێنایەوە كە عێراق تەنیا خانەخوێی لووتكەكە نییە، بەڵكە بەشدار و لایەنە لە دەستپێشخەرییەك كە چارەسەر پێشكەش بە قەیرانە جۆربەجۆرەكانی ناوچەكە بكات. لەبارەی بانگهێشتكردنی ئەحمەد شەرعی سەرۆكی ڕاگوزەری سووریاشەوە، سوودانی جەختی لەوە كردەوە: "ئامادەیی شەرع لە چوارچێوەی پرۆتۆكۆڵی سیستەمی ڕێكخراوی كۆمكاری عەرەبیدایە. سەرۆك شەرع، ئێستا نوێنەرایەتیی دەوڵەتی سووریا دەكات؛ ئامادەیی

ئەویش گرنگە بۆ ئەوەی دیدی خۆی بۆ سووریای نوێ ڕوون بکاتەوە. دۆسیەکانی ئاسایش و ئۆقرەیی بۆ عێراق و وڵاتانی دیکە پرسێکی جومگەییە؛ عێراقیش سوورە لەسەر ئۆقرەیی سووریا"[6].

ئەم لێدوانانەی سوودانی دوو هەفتە بەر لە گرێدانی کۆنگرەکە لە نێوەندی هەڵمەتێکی گەرمی بەرهەڵستکاریدا بوو دژ بە ئامادەبوونی ئەحمەد شەرع لە بەغدا؛ بەو پێیەی پێشتر لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا بووە کە کۆتاییهێنان و بنەبڕکردنی شیعەی کردبووە ئامانجی خۆی. هەروەها بە دوای ئەوەدا هات عێراق بەفەرمی لە 27ی نیسانی 2025 لە ڕێگەی وەزیری ڕۆشنبیری، ئەحمەد فەکاك (سوننەیە)، بانگهێشتی بەشداریکردن لە لووتکەکەی، لە دیمەشق ڕادەستی ئەحمەد شەرع کرد[7].

**نەیارانی ئامادەبوونی شەرع**

ئەو لایەنە شیعانەی دژی هاتنی ئەحمەد شەرعن بۆ عێراق، لە چەند جەمسەرێکی جیا پێك دێن و ئامانجەکانیشیان جودایە. لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستەکانیشیان، دەشێت بەم جۆرە پۆلێن بکرێن:

_ حزبی دەعوە بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، لە بەیاننامەیەکدا پێداگری دەکات: دۆسیەی بەشدارانی لووتکەی عەرەبیی بەغدا، دەبێت تۆمەت و تاوانکاریی تێدا نەبێت، "چونکە خوێنی عێراقییەکان هەروا هەرزان نییە تا بانگهێشتی ئەو کەسانە بکرێت کە حەلالّیان کردووە، یان دەستدرێژییان کردووەتە سەر پیرۆزییەکانیان"[8]. حزبی دەعوە هیچ بەڵگەیەکی نەخستووەتە ڕوو لەسەر تێوەگلانی شەرع یان دۆسیەیەکی دیاریکراو، بەڵام بەهۆی بەریەککەوتنی ئەجێندای هەڵبژاردنی مالیکی و سوودانییەوە، دەکرێت پاڵنەری ئەم هەڵوێستە بەوە لێك بدرێتەوە کە هەوڵی شکستهێنانە بە بانگهێشتکردنی سوودانی بۆ شەرع و تێکدانی ئامادەکارییەکان.

_ قەیس خەزعەلی، ئەمینداری عەسائیب، کە حزبەکەی لە هەڵبژاردن لیستی جیای دەبێت، باسی لەوە کردووە، ئەگەر شەرع بێتە عێراق، ئەوە لێکەوتەی باشی نابێت و دەشێت دەستگیر بکرێت[9]. ئەم بەرهەڵستکارییەی عەسائیب دژی هاتنی شەرع، دوو لایەنە: هەم بەشێکە لە گوتار و هەڵمەتی پێشوەختەی هەڵبژاردن، هەمیش بەدەر نییە لە میحوەرە ئێرانییەکە کە تا هەنووکە لەگەڵ سووریای نوێدا دژ و ناکۆکە.

_ ئەبو عەلی عەسکەری، وتەبێژ بە ناوی کەتیبەکانی حزبوڵڵا، باسی لەوە کردووە کە، شەرع، هەر "ئەبو محەمەد جۆلانی"ی سەرۆکی "بەرەی نوسرەی تاوانبارە"؛ پێشتریش لووتکە عەرەبییەکان بەبێ ئامادەیی ئەسەد و عێراق و لیبیاش کراون[10].

_ چەند پەرلەمانتارێکی چوارچێوەی شیعی سکاڵایان لە دژی ئەحمەد شەرع بەرز کردووەتەوە و بە کوشتن تۆمەتباری دەکەن. ئامانجی ئەم پەرلەمانتارانەیش ئەوەیە لە ڕێگەی دادگەوە ڕێگە لە هاتنی ناوبراو بۆ بەغدا بگرن؛ یەکێك لەوانە، شەرعی بە تێوەگلان لە کوشتنی برا و برازاکەی تۆمەتبار کردووە [11].

_ هەندێك لایەنی شیعە باسی ئەگەری کوژرانی شەرع دەکەن ئەگەر بێتە عێراق. لەم ڕێگەیەیشەوە پەیامی ئەوە دەدەن کە ناتوانن ژیانی بپارێزن[12].

_ لە پشت هێزە شیعەکانیشەوە، ئێران دژ و نەیاری ئاساییکردنەوەی کارەکتەری ئەحمەد شەرعە؛ ڕێگریکردن لە ئامادەبوونیشی لە لووتکەی عەرەبی، لە ڕێگەی باڵەکانییەوە لە عێراق بەڕێوە دەبات. هەر

پاش کەوتنی ئەسەد، خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی، بانگەوازی بۆ گەنجانی سووریا کرد دژی دەسەڵاتی نوێی وڵاتەکەیان ڕاپەڕن. لەو کاتەیشەوە گوتاری ئێران دژی دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع دوژمنکارانەیە و ئەمەیش لە گوتاری باڵەکانیدا ئامادەییی هەیە[13].

## پاڵنەرەکانی ناڕەزایی

بەگشتی لە گوتاری شیعیی لایەنگر و پاشکۆی جەمسەری ئێرانیدا، ئەحمەد شەرع دوو کێشەی سەرەکیی هەیە: یەکەمیان دژومنکارییەتی لەگەڵ شیعە لە پاش 2003، دووەمیش ڕێگرییەکانیەتی لە بەردەم چالاکیی گرووپە شیعەکان لە سووریا و گوشارخستنە سەر کەمایەتیی شیعە لەو وڵاتە. جگە لەمەیش ئەوەیان لەبەرچاوە، شەرع هۆکار بووە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد و پێیان وایە بەشێکە لە پرۆژەی تورکیا لە ناوچەکە. لە دەرەوەی ئەم پاڵنەرانەیش هەندێك خوێندنەوەی دیکە بۆ دژایەتیی هاتنی شەرع بۆ بەغدا هەن، ئەمەیش گرنگترینیانە[14]:

ـ پاش ڕاگەیاندنی پرۆژەی هەڵبژاردنی سوودانی و نزیکبوونەوەی لە هەندێك بلۆکی سوننە، هێزە شیعە بەرهەڵستکارەکان بەرەنگاری پرۆژەکەی دەبنەوە، بەتایبەت کە پێیان وایە ئەوان سوودانییان بە پایە گەیاندووە و ئێستا بووەتە ڕکابەری لیستەکانیان لە هەڵبژاردن.

ـ دەنگۆیەك هەیە کە هێزە شیعە وەلائییە عێراقییەکان لەگەڵ ئەفسەرە سوورییەکانی بەعس، کار دەکەن بۆ قڵپکردنەوەی ڕژێمی ئەحمەد شەرع. بۆ ئەم مەبەستەیش لەگەڵ ماهیر ئەسەد هەماهەنگی دەکەن.

ـ هێزە شیعە ئێرانییەکان نیگەران و بێزارن لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی حکوومەتی عێراق و ئەحمەد شەرع، بەتایبەت کە زانیاریی ئەوەیان هەیە سەردانەکانی سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی عێراق بۆ دیمەشق، بەرەوپێشچوونی تێدا بووە و دەشێت ببێتە بنەمای پەیوەندییەکی بەهێز.

ـ هەندێك لە شیعەکانی ناو چوارچێوەی شیعی ئەوەیان وروژاندووە کە سوودانی بەشێکە لە میحوەری قەتەری ـ تورکی دژی میحوەری سعوودی ـ ئیماراتی ـ ئوردنی و، بەم هۆیەیشەوە لەگەڵ ئەحمەد شەرع پەیوەندیی ئاسایی کردووەتەوە؛ ئەمەیش لە بەرژەوەندیی عێراق نییە. ئەم دەنگانەی نێو چوارچێوەی شیعی باس لەوە دەکەن سوودانی زیاتر موجامەلەی تورکیا دەکات[15]. ئەمەیش زیاتر پاش ئەوە زەق کرایەوە کە سوودانی بەنهێنی و بەبێ ئاگاداریی پێشوەختە، سەردانی "دۆحە"ی پایتەختی قەتەری کرد و لەگەڵ ئەحمەد شەرع و میری قەتەردا دەرکەوت. بەپێی هەندێك سەرچاوەیش لەسەر ئەمە چوارچێوەی شیعی بێزاریی خۆیان گەیاندووەتە سوودانی[16].

هەڵوێستی شیعە پراگماتیستەکان

بەرامبەر بە شیعە وەلائییە پەڕگیرەکان (توندڕەوەکان)، جەمسەرێکی دیکەی شیعی هەیە، کە لارییان نییە لە ئامادەبوونی شەرع لە بەغدا؛ لە لایەك بۆ سەرخستنی لووتکەی سەرانی عەرەب، لە لاکەی تر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پشتیوانییە عەرەبییەی لەگەڵ دیمەشقی نوێ و ئەحمەد شەرعدا هەیە. لەم بەینەیشەدا عەممار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمە دەڵێت: بانگهێشتکردنێکی ناچارییە؛ هەروەها ئەگەر سکاڵاش هەبێت ئەوە شەرع پارێزبەندیی هەیە. سەرباری ئەمەیش حەکیم بەگومانە فرمانی گرتن لە دژی

شەرع هەبێت[17].

لە لای خۆیشییەوە سوودانی کە بانگهێشتی ئەحمەد شەرعی کردووە، دەیەوێت شتەکە بخاتە چوارچێوەی پەیوەندیی عێراق و سووریا نەك بەرگریکردن لە کارەکتەری شەرع؛ لەبەر ئەمەیش پەیوەندییەکان لەگەڵ دیمەشق لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە بەڕێوە دەبات و دوو جار تا ئێستا سەرۆکی دەزگەی هەواڵگری، "حەمید شەتری"ی ڕەوانەی دیمەشق کردووە بۆ ئەوەی چوارچێوەی شیعی تۆمەتباری نەکەن بە ئاساییکردنەوەی دۆخەکە لەگەڵ شەرع، کە لە لای شیعە بێزراوە. ئەوانەیشی بەبێدەنگی دۆخەکە بەڕێ دەکەن و بەناڕاستەوخۆ ڕازین بە هاتنی شەرع بۆ بەغدا، جگە لە حەکیم، زیاتر حەیدەر عەبادی، سەرۆکی "هاوپەیمانیی نەسر"ە.[18] .

هەروەها لایەنگرانی سوودانی لەنێو هێزە شیعەکان دەڵێن: دەوڵەت لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەوە بەڕێوە دەبردرێت نەك هەست و سۆز. ئەوەیشی سوودانی دەیکات، بەرژەوەندیی عێراقی تێدایە چونکە دۆسییەکانی سنوور، داعش، شیعەی سووریا و عەتەبە پیرۆزەکانی شیعە، پێویستیان بە هەماهەنگی لەگەڵ دیمەشق هەیە؛ ئەمە جگە لە پەیوەندیی ئابووری و ئەگەری نۆژەنکردنەوەی بۆڕییە نەوتەکانی عێراق _ سووریا و زۆر پرسی دیکەی هاوبەش [19].

لە دەرەوەی ماڵی شیعی، هێزە سوننەکان بەگشتی بەرگری لە هاتنی شەرع دەکەن و کرانەوە بەڕووی سووریای نوێدا بە گرنگ دەبینن؛ لە لایەك لە سۆنگەی وابەستەیی هەندێك لە هێزەکانیان بە میحوەری تورکیا، لە لاکەی تر، ڕژێمی شەرع وەك قووڵایی ستراتیژیی خۆیان دەبینن، بەو پێیەی سوننەی عەقیدەییە و پشتێنە ئێرانییەکەی "تاران _ بەیرووت"ی بچڕاندووە. ئەم هێزانە بەوە بەرگری لە شەرع دەکەن کە ئەو کاتەی لە عێراق بووە (2003_2011)، دژی ئەمریکییەکان جەنگاوە؛ ئەمەیش لە چوارچێوەی مقاوەمەدایە کە شیعەکانیش ئێستا شانازیی پێوە دەکەن. هەروەها بەوەیش بەرگری دەکەن، شەرع لە نێوان 2005_2011 لە گرتووخانە بووە، بەم هۆیەیشەوە بەشداریی لە شەڕی تائیفی نەکردووە (2007_2008). هەیشیانە باس لەوە دەکەن، شەرع ئەو کاتەیشی ئەلقاعیدە بووە، زیاتر کاری میدیایی کردووە نەك چەکداری[20].

**کۆبەند**

بانگهێشتکردنی ئەحمەد شەرع بۆ لووتکەی سەرکردەکانی عەرەب لە بەغدا، ناڕەزایەتیی توندی لە لایەن هەندێك لە هێزە شیعەکانی عێراقی هێناوەتە ئاراوە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بازنەی ئێرانەوە نزیکن. پاڵنەرەکانی ئەم ناڕەزایەتییەیش جۆراوجۆرن، گرنگترینیان ئەمانەن:

_ ڕەتکردنەوەی پشتیوانی لە ڕژێمی نوێی سووریا و هاوکاریکردنی: لایەنە شیعە ناڕازییەکان پێیان وایە بانگکردنی شەرع بۆ بەغدا، دژ بە هەڵوێستی ئەخلاقی و سیاسیی عێراقە کە حوکمڕانییەکەی بە زۆرینە شیعییە.

_ هەندێک بەوە پاساو دەهێننەوە، بەشداریکردنی شەرع لە لووتکەی بەغدا، بالانسی ململانێ هەرێمایەتییەکان تێك دەدات؛ بەو پێیەی ناوبراو سەر بە میحوەری تورکی_قەتەرییە بەرامبەر وڵاتانی سعوودیا _ ئیمارات، ئوردن.

_ هەندێک لەم نارەزایەتییانە لەژێر کاریگەریی هەڵوێستەکانی ئێراندان، چونکە تاران پێی وایە ئاساییکردنەوەی کارەکتەری شەرع، بەرەی ئێرانی لاوازتر دەکات و شەرعییەت بە سووریای دوور لە ئێران دەدات.

_ هەڵمەتی پێشوەختی هەڵبژاردن و هەوڵی شکستپێهێنانی سوودانی، ئامادەییەکی بەهێزی لە ململانێ نێوخۆییەکانی شیعەدا هەیە دەربارەی ئەحمەد شەرع. بەرامبەر بەوانیش هێزە سوننەکان لارییان نییە و، لەگەڵ بەشداریکردنیدان.

**پەراوێزەکان:**


[1] https://2h.ae/nBpe

[2] https://2h.ae/wFoz

[3] https://2h.ae/Cikq

[4] https://2h.ae/trqg

[5] https://2h.ae/kBTA

[6] https://2h.ae/UAXa

[7] https://2h.ae/PpuT

[8] https://2h.ae/HldL

[9] https://2h.ae/eWvC

[10] https://2h.ae/Ycsp

[11] https://2h.ae/Ycsp

[12] https://2h.ae/TIeV

[13] https://2h.ae/XxWu

[14] https://2h.ae/TIeV

[15] https://2h.ae/uqtE

[16] https://2h.ae/lvON

[17] https://2h.ae/EDYF

https://2h.ae/kLRH [18]

https://2h.ae/KFsX [19]

https://2h.ae/ukZA [20]